رۆڵی هاوکاره کوردەکان
لەجێبەجێکردنی پرۆسەکانی ئەنفال دا

صلاح رەنجدەر

ئەو زنجیره هێرشانەی سوپای عێراق لە شوباتی (1988)دا لەدژی خەڵکی کوردستان بەناوی پرۆسەکانی ئەنفالەوه بە چەند قۆناغێك ئەنجامی دان جێبەجێ کردنی ئەڵقەیەکی ترسناکی ستراتیژیی درێژخایەنی بەعس بوو بۆ جینۆساید کردنی کوردو سڕینەوەی سیمای دیموگرافی باشووری کوردستان و تواندنەوەی گەلەکەشی لەبۆتەی گەلی عەرەبی دەسەڵاتداری عێراق دا. ئەمەش دەقاو دەق نوێنەرەوەی بیری رەگەز پەرستانەی ناسیونالیزمی عەرەبیە کە لە قۆناغە مێژووییە جیاجیاکاندا بە چەندین رێگاو شێواز (بە هاوکاری سەربازیشەوه) هەماهەنگیان لەگەڵ رژێمەکانی عێراقدا کردووه بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو مەبەستانەی لەسەرەوه باسکران، لە دەورانی یەکەمی فەرمانڕەوایی بەعسیەکاندا لە عێراق شەڕی لەناو بردنی کورد زۆر بەخەستی بەڕێوه دەبرا، ئەو تاوانانەی لەدژی شارو گوندەکانی کوردستان ئەنجام دەدران هیچیان لە تاوانەکانی ئەنفال کەمتر نەبوو، کوشتنی خەڵك بەتاك و بە کۆمەڵ و ڕوخاندنی گەڕەکەکانی شارو سوتاندنی گوندەکان و تالان کردن و بێ سەروشوێن کردنی خەڵك لەو تاوانانەی رژێمی بەعسی عارفین کە بێ قەیدو شەرت لە ریزی تاوانی جینۆسایددا پۆلێن دەکرێن[1]

لە ساڵی (1963)دا کۆماری سوریای عەرەبی هاوکاریەکی زۆری رژێمی عێراقی دەکرد بۆ جێبەجێ کردنی ئەم تاوانانە لەم ڕووەوه سوریا لیوایەکی سەربازی لە سوپاکەی خۆی بە فەرماندەیی (عقید فهد شاکر) بۆ یارمەتی دانی سوپای عێراق ناردە شەڕی کوردستانی عێراق و بەشداری شەڕی لەناوبردنی کوردیان کرد.[2]

سوپای سوریا لەچەند ناوچەیەکی کوردستاندا جێگیر بوو کە تیایاندا زۆر دڵڕەقانە مامەڵەی لەگەڵ خەڵکی دا دەکرد و لە بۆردومان کردنی ناوچەکە و گرتن و کوشتنیش دا

وەك دوژمنی سەرسەخت ڕەفتاری ئەکرد، هزری عەرەبچێتی لە قۆناغەکانی دواتریش دا ڕەنگدانەوەی لەسەر شێوازەکانی هەڵس و کەوتی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکان بەجێ هێشتبوو، زیاتر لەوەش هەندێ جار بزوێنەری سەرەکی سیاسەتی ئەم ڕژێمانە بوو دەرهەق بە گەلی کوردستان و هەر لەم ڕوانگەیەشەوه مانەوەو گەشەکردنی کۆمەڵی کوردەواری بەهەڕەشە بۆ سەر ئەمنی ستراتیژی عەرەب لە قەڵەم ئەدرا. بۆیە هیچ ڕژێمکی عێراقی نەبووە شەڕی لەناوبردنی خەڵکی کوردستانی نەکردبێ و ئەگەر جیاوازیەکیش لە نێوانیان هەبووبێت ئەوا تەنیا لە شێوازی بەڕێوەبردنی جەنگەکەدا بووە نەك لە عەقڵیەتی سیاسی و شێوازی بیرکردنەوە لەچارەسەر کردنی کێشەکان لێرەوە، دەتوانین بڵێین ئەو سیاسەتە شۆڤێنیەی لەسەرەتای پێکهاتنی دەوڵەتی عێراقەوە تادەگاتە هەردوو قۆناغی فەرمانڕەوایی بەعسیەکان و ئەو هاوکاری و دەست لەپشت دانەی عەرەب لەسەر ئاستی میللی و حکومی بۆ شەڕی لەناوبردنی کورد دەستەبەریان دەکرد زادەی هزری ناسیونالیستی کۆنەپەرستی عەرەب بوون، کە لە ساڵانی کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابووردودا گەیشتە قۆناغێکی ترسناك و تیایدا جینۆساید بەتەواوی مانای زاراوەکەوە لەدژی ڕەگەزی کورد پەیڕەوکرا کە پرۆسەی ئەنفال گوزارشتێکی ئەو تاوانە بەرفراوانانە بوو کە ئەم سیاسەتە لەخۆی دەگرتن.

ئەوەی ڕژێمی عێراق لە ئەنفال دا بەرامبەر بە دانیشتوانی گوندەکانی کوردستان و هەندێك لەشارو شارۆچکەکانی کرد ((ئەکرێت لەگەڵ هۆلوکوست دا بەراورد بکرێت کە نازیەکانی ئەڵمانیا بەرامبەر بە جولەکەکان لە دووەم جەنگی جیهانیدا بەرپایان کرد بەرەچاوکردنی جیاوازی لە ژمارەی قوربانیانی ئەو ڕووداوەدا.[3]– ئەو ژمارانەی لە خوارەوە ئەیخەینە بەر دیدەی خوێنەر بەڕوونی دەری دەخات کە پرۆسەکانی ئەنفال لەجینۆسایدو شەڕی لەناوبردنی کورد بەولاوە شتێکی تر نەبوون، ئەگەر هەموو ئەم دڕندەییەی بەرامبەر بەگەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا ئەنجام دران ڕەنگدانەوەی بیری تاریکی ناسیونالیستی بێ بەپێی هەل و مەرج و قۆناغە لەبارەکانی گەشەکردنی بزاڤی ناسیونالیزمی عەرەبی، ئەی دەبێ ڕۆڵی کورد لە ئەنجام دانی جینۆسایدی کوردا لە کوێدا خۆی ببینێتەوەو ئەوەی هاوکارانی کورد لەم پرۆسانەدا کردیان کاریگەری لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی پرۆسەکان دا چۆن ڕەنگ بداتەوە؟ ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام هەروەکو ڕژێمەکانی پێشوو کەڵکی زۆری لەو کوردە ناهۆشیارانە وەردەگرت کە بەهۆی

جیاجیاوە لەژێر ناوی جیاجیادا جاشەیەتیان بۆ دەکرد و هەمیشە وەکو چەکوشێك بۆ سەر کوتانەوەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردیان بەکاردەهێنان. لەڕاستیشدا جاشایەتی زەمینە خۆشکەری سەرەکی بوو بۆ سەرخستنی لەناوبردنی کورد لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، ئەو شەڕەی لە ئەنفال دا گەیشتە ئەوپەڕی دڕندەیی. هەموو ئەوانە هەریەکە بەشێوەیەك تیایدا بەشدار بوون کە جاشایەتی وەکو خاڵی هاوبەش پێکەوەی گرێ دەدان و بریتی بوون لە:

١-کاربەدەستە کوردەکانی ناو دەستە باڵاکانی حیزبی بەعس و ئەوانەی پۆستی باڵایان لە حکومەت دا بەهۆی هەڵوێستی سیاسیەوە پێ درابوو.

٢- هەموو ئەندامانی ئەنجومەنە کارتۆنیەکانی (تەشریعی و تەنفیزی) .

٣- ئەو کوردانەی پلەی ڕەفیق و بەرزتریان لە حزبی بەعس دا هەبوو.

٤-ئەو کوردانەی باوەڕپێکراوی دەزگاکانی ئەمن و ئیستخبارات و موخابەرات بوون و کاریان بۆ دەکردن.

٥- هەموو فەرماندەو چەکدارەکانی مەفرەزە تایبەتەکان کە ڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانی هەردوو مەنزومەی هەواڵگری شەرقیەو شمالیەدا کاریان دەکرد یان لەژێر فەرماندەیی بەڕێوبەرایەتیەکانی ئەمن دا کاریان دەکرد.

٦- هەموو موستەشارو فەرماندەی سریەو جێگرەکانیان و بەشێك لە شوێن کەوتوانیان.

٧- بەشێك لەپیاوانی ئاینی ئیسلام و ژمارەیەکی زۆر لە جاش قەڵەم و ڕۆژنامەنوسان هەموو ئەمانە پێکەوە کاریگەری کارایان هەبوو بۆ ڕاهێنانی زەینی مرۆڤی کورد بۆ پەسەندکردنی دیفاکتۆی جینۆسایدو شەڕی لەناوبردنی کوردو ئەو پاسەوانەی بەعس بۆ ڕەوایی ئەم شەڕە تەلقینی لەسەر دا دابوون.

دیاردەی جاشایەتی بەشێوە چەکداریەکەی بەشێوەیەك فراوان بوو بووەوە کە بە هەزاران جاشی مەفرەزە تایبەتەکان و دەیان هەزار جاشی فەوجەکانی بەناو بەرگری نیشتمانی دەگرتەوە کە لە ڕووەکانی سەربازی، سیاسی و ئابووری و دەروونیەوە فشارێکی زۆر گەورەیان لە سەر شۆڕش و کوردایەتی دا نابوو. هەروەها گیانی بەرگری و بەگژدا چونەوەیان لە ناخی مرۆڤی کوردا تووشی هەرەس دەکردو زوڵم و زۆریان.

خشتەیەکی تایبەتی مەفرەزەکانی جاشی سەر بە مەنزومەی ئیستخباراتی شەرقی

	ناوەندی ئیستخبارات	ژمارەی مەفرەزە	هێزی مەفرەزە پیش زیادکردنی چەکدارە تازەکان	هێزی مەفرەزە پاش زیادبونی چەکدارە نوێ کان
1	هەولێر	5	177	250
2	دهۆک	4	109	180
3	زاخۆ	4	75	139
4	دیانا	2	91	150
5	پێنجوێن	2	61	120
6	هەڵەبجە	2	76	169
7	قەڵادزێ	8	266	459
8	سلێمانی	8	172	328
9	چۆمان	1	11	31
10	بارەگای مەنزوومە	6	145	300
		45	1192	2126 کۆی گشتی

لەخەڵکی خاوەن هەڵوێستی شارەکانو دانیشتوانی گوندەکان دەکرد لە ڕەش بگیری ناو شارەکانو کێوماڵی شاخو ئەشکەوتەکان لە دوای ئەنفالدا بەتایبەتی چەکدارانی (مەفرەزەی تایبەتی) کە باوەڕپێکراوی ڕژێم بوونو لەخەڵکە نەفس نزموبەد ڕەوشتەکانی کۆمەڵی کوردەواری پێك هاتبوونوزۆر بەیان لەوانە بوون کە تاوانی کۆمەڵایەتیان بەدواوە بوو. ئەنفالیش ئەو تاوانە گەورەیە بوو کە جاشەکان تیایدا گەیشتنە لوتکەی لادان لە بنەماکانی نیشتمانپەروەر کە هاوکارو بەشداربوون لەو تاوانەی ئەم زیانا نەی خوارەوەی لێ کەوتەوە:

١- 78 گوند سووتێنرانو تەخت کران.

٢- شەش مەرکەزی ناحیە سوتانو وێران کران.

٣- 39178 سی و نۆ هەزارو سەدو حەفتاو هەشت خانوو سوتا.

٤- 45777 خێران ئاوارەو بیَ سەرو شوێن كران.
٥- 381 سیَ سەدو یەك خوێندنگا، 657 شەش سەدو پەنجاو حەوت مزگەوت، 69 شەستو نۆ نەخۆشخانەو بنكەی تەندروستی سوتێنران.
٦- 52 عەماری ماتۆڕی ئاو، 47 مەكینەی ئاش، 135 كارێزو ئەستێڵ تەقێنرانەوە.
٧- 1435 هەزارو چوار سەدو سیو پێنج باخ سوتێنران.
٨- 17220 حەڤدە هەزارو دووسەدو بیست تراكتۆرو مەكینەی جۆراو جۆر سوتێنران.
٩- 472770 چوار سەدو حەفتا دوو هەزارو حەوت سەدو حەفتا سەر مەڕ تالآن كران.
١٠- 15000 پانزە هەزار ڕەشە وولآخ تالآن كران.
١١- 570000 پێن سەدو حەفتا تەن گەنمو جۆ سوتێنران[4].

* یەكێك لە موستەشارەكان لەچاوپێكەوتنێكدا ووتبوی: ((كاری ئەنفالی دووەم خۆی كاری ئەنفالی یەكەم تەواو دەكاتو ئەمەش بۆتە مایەی سەربەرزی جەنگاوەرانی كورد (مەبەستی جاشەكانی خۆیانە) چونكە هاوبەشیەكی كاریگەرو لەجێبەجێكردنی ناوەڕۆكیدا كردووە)) بەندێكی یاسایی هەیە دەڵێت (داننان بەتاواندا شای بەڵگەكانە) تاوانبارانی كوردی ئەنفالیش لەچاو پێكەوتنەكانی ئەو كاتەی ڕۆژنامەكانی ڕژێمو لە كەناڵەكانو لە بروسكەكانیاندا بۆ سەدامو دیكۆمێنتەكانی تردا كەزۆر بەیان ماوونو نەفەوتاون دانیان بەتاوانەكانیاندا ناوەو ئەم دان پێدانانەی ئەمانەش زۆر لەوانە زیاترن كە عەلی كیمیاویو هاوڕێكانی پیَ ئیدانە كراون(5) كە دیارە ساز كردنی ئامادەكاریەكانو سازدانی ئەوانەی كە تاوانبارن بۆ دادگای باڵای تاوانەكان تەموومژی گومان لەسەر نەزاهەتی داد پەروەری لە عێراقی دوای سەدام دا ئەڕەوێنێتەوە.

پەراوێزەكان:

١- جینۆساید لەعێراق/ میدڵ ئیست ووچ لاپەڕە (14).
٢- بەعسیزمو كورد – لاپەڕە 211 سۆزان كریم مستەفا).
٣- تونی مەرگ – زیاد عبدالرحمن – 1995.
٤- هەمان سەرچاوە.
٥- جاشو جینۆساید – محمود سەنگاو 2007.